# پەیڕەو و پرۆگرام

ناو: سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی ی کورد لە ئەوروپا.

پێناسە: ڕێکخراوێکی دیموکراتی پیشەیی مرۆڤایەتی سەربەخۆیە/ خەبات دەکات بۆ دەستەبەرکردن و بە دیهێنانی مافە پیشەیەکانی سەرجەم کارمەندانی تەندروستی لە کوردستان و ئە وروپا هەرەها هەوڵ دەدات بۆ بوژاندنەوەی تەندروستی لە کوردستان بە شێوەیەکی سەردەمیانەو پێشکەوتوو.

**ئامانجە گشتیەکان:**

١- دانانی پلان و کۆششی زانستیانەی بەردەوام لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتی تەندروستی هەمەلایەنە بە جەماوەر و خستنەگڕی تەواوی وزەو توانای ئەندامەکانی بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێک تەندروستی شارستانی.

٢- هاوبەشیکردن ویشگیری کردن لە پاراستنی ژینگە ی کوردستان.

٣- کۆکردنەوەی زانیاری بە شێوازی جۆراوجۆر لە هەموو بوارێک کە پەیوەندی بە تەندروستی هەبێت و گەڵاڵەکردنیان کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا بێت.

٤- هەوڵ دان بۆ دابین کردنی نوێترین ئامێر و تەکنیک لە بواری تەندروستی کە خزمەتی تاکی کورد بکات.

٥- وەرگێڕانی گۆڤارو نامیلکەی تەندروستی بۆ سەر زمانی کوردی بۆ نمونە( بەشی دەرمانخانە، بەشی تاقیگە، خوێن ) لە هەمو بەشەکانی نەخۆشخانە

٦/سەندیکا هاوکار دەبێت لە گەڵ هەموو ڕێکخراوەو لایەنە سیاسی و مەدەنیەکان بە بێ جیاوازی ڕنگ و بیر.

## ئامانجە پیشەیەکان

١- بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی کارمەندانی تەندروستی کورد لە کوردستان و ئە ورووپا.
٢- دروستکردنی کۆڕو کۆبونەوەی بەردەوام بۆ کارمەندانی نەخۆشخانەکان بە شیوەیەکی ڕێک وپێک.
٣- کۆنفرانسی زانستی و تەکنینیکی ساڵانە لە کوردستان کە خزمەت بە بوژاندنەوەی تەندروستی بکات.
٤- هەوڵدان بۆ هێنانەدەرەوەی کارمەندانی تەندروستی بۆ وڵاتانی تر وە راهێنانیان بە شێوازی سەردەمیانە و پێشکەوتوو.
٥- داکۆکیکردن لە کەسایەتی کارمەند و بن پڕکردنی هەموو پێشێلکاریەک لە مافەکانیاندا.
٦- هەوڵ دان بۆ سود وەرگرتن لەو کارمەندانەی کە لە دەرەوەی وڵات کار دەکەن وە هەوڵ دەدەین لە کاتی گەڕاندنەوەی هەر کارمەندێک هەموو ئاسانکاریەکی بۆ بکرێت بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆی.
٧- لە کاتی گەڕانەوەی هەر کارمەندێکی تەندروستی هەوڵ دەدەین کە شوێنی نیشتە جێ بونی بۆ دابین بکرێت.
٨- هەوڵدان بۆ پێشخستنی سیستەم لە ڕوی پشودان هەروەها بیمەی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنەوەی کارمەندی تەندروستی بە شێوازێکی سەردەمیانە و دابینکردنی سیستە می نوێیی کۆمپیوتەربۆ هەموو بەشەکان.
٩- هەوڵدان بۆ دانانی ڕێکەوتننامەی نێوان بەرپرسی بەشەکان و کارمەندەکان لە سیستەمی نوێ خۆی دەبینێتەوە لە قازانجی کارمەند.

# پەیڕەوی ناوخۆ

١- ئارم: کۆنگرە دیاری دەکات.
٢- دروشم: بوژاندنەوەو گەشەپێدانی گۆڕین، داهێنان بەرەو تەندروستیەکی باشتر.
٣- ئەندامەتی هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خاوەن پروانامەیەکی تەندروستی بێت لە دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگا و ئامادەیی برین پێچی.
٤- مەرجی ئەندامەتی:
- پەیرەوو پرۆگرامی سەندیکا پەسەند بکات.
- پرکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە ئەندامەتی.
- ئابونە بدات.
- سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کورد لە ئەوروپا بە ڕێکخراوی سەرەکی خەباتی پیشەیی خۆی بزانێت.

## ٥- مافەکانی ئەندام

- خۆ پاڵاوتن و دەنگدان لە هەموو ئاستەکان.
- ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن و پێشنیار.
- لە مۆڵەت پێدان لە بواری پسپۆری پشتگیری بکرێ.

٦- ئەرکەکانی ئەندام
- دڵسۆزانە تێبکۆشێ لە پێناو بە دیهێنانی ئامانجەکانی سەندیکا.
- بەشداری کردن لە چالاکیەکانی سەندیکا.
- پابەندبوون بە بڕیارەکانی سەندیکا.

٧- جۆرەکانی سزادان:
- ئاگادارکردنەوە.
- سەرنج ڕاکێشان.

**هۆکانی سزادان:**

- کارکردن لە دژی بەرژەوەندی سەندیکا و سەرپێچی کردن لە بڕیارەکانی.
- ئاژاوەی ڕێکخراوەیی بخاتە ڕیزەکانی سەندیکاوە.
- بەکارهێنانی ناونیشانی ساختە لە بواری کارکردندا.
-

٦- پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگای.
- پێشنیار. – بەدوادا چون. – ناڕەزایی دەرپرین. – گفتوگۆ.

## پێکهاتە ڕێکخراویەکان:

- دەستەی کارگێڕی:
- سەرۆکی سەندیکا .جێگیر سکرتێر..لێپرساوی دارایی...لێپرساوی ڕاگەیاندن....لێپرساوی پەیوەندیەکان.

لیژنە ی راپە راندن
لە ئەندامانی دەستەی کارگێر هەروەها بەرپرسی کۆمیتەکان لە وڵاتانی ئەوروپا پێک دێت.

**کۆمیتە:**
لە بەرپرسی کۆمیتە.. جێگری بەرپرسی کۆمیتە.. دارایی.. پەیوەندی. ڕاگەیاندن. پێک دێت.

**ئەرک ودەسەڵات**

**کۆنگرە:**
باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکایە کە چوار ساڵ جارێک دەبەسترێ بڕیار لە سەر گۆڕینی( ناو، ئارم،بەرنامە، پەیڕەوی سەندیکا دەدات)

**لیژنە ی راپە راندن**
١- بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی کۆنگرە بە دانانی نەخشەی کاری گونجاوو بەرنامەی داڕێژراوو دانانی پڕێنسیپی کارکردن.
٢- هەڵسەنگاندن وپەسەندکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە و بودجەی گشتی سەندیکا.
٣- پێکهێنانی کۆمیتەی جۆراوجۆر بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی سەندیکا.
٤- دەرکردنی پێناسەی سەندیکا.
٥- توێژینەوەی پێشنیار و ڕەخنەکان.
٦- دەسنیشانکردنی کاتی کۆنگرە.

٧- بڕیاردان لە پڕۆژە نوێیەکانی سەندیکا.

**دەستەی کارگێڕی:**
١- هەڵبژاردنی بەرپرسی سەندیکا دەستنیسان کردنی بەشەکان.
٢- لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتی چالاکی کۆمیتەکان.
٣- دابینکردنی لێکۆڵینەوە لە داهات و چۆنێتی سەرفکردنی.
٤- لێکۆڵینەوەو جێبەجێکردنی سەرجەم بڕیارەکانی لیژنە ی راپە راندن
٥- پەیوەندی بە ڕێکخراوە بیانیەکان و دام ودەزگا حکومی وناحکومیەکان لە وڵاتانی ئەوروپا و کوردستان.
٦- پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوە هاوچەشنەکانی سەندیکا و دام و دەزگاکانی تەندروستی لە سەر ئاستی جیهان.
٧- مافی بڕیاردان لە داکۆکیکردن بە هەموو جۆرە لە مافە پیشەیەکانی سەندیکا لە سەر ئاستی ئەوروپا و کوردستان.
٨- دەرکردنی گۆڤار وبڵاوکراوەکان بە ناوی سەندیکا.
٩- کردنەوەی ماڵپەڕی سەندیکا.
١٠- دەرکردنی بەیاننامە.

## ئه ركه كانى   كۆميته

١- وەرگرتن و تازەکردنەوەی ئەندامەتی.
٢- نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات لە سنوری چالاکیدا.
٣- ئامادەکردن و گەیاندنی ڕاپۆرت و سکاڵا و پێشنیارەکان.
٤- پێکهێنانی لیژنەی جۆراوجۆر بۆ ڕاپەڕاندنی چالاکیەکان بۆ پلان دانان و چارەسەکردنی کێشەکان.
٥- کردنەوەی خول وکۆڕو سیمناری تەندروستی و هۆشیاری.
٦- داکۆکی کردن لە مافەکانی کارمەندان لە ڕێگەو هەموو شێوازەکانی خەباتی یاسایی سەندیکاوە بە راوێژ لە گەڵ دەستەی کارگێڕی.

**داهات:**
١- ئابونەو کۆمەکی ئەندامان.
٢- هەوڵ بۆ تەرخانکردنی بودجە و نەسریە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکان و ڕێکخراوە خێرخوازەکان و حکومیەکان.
٣- پرۆژەکانی سەندیکا بۆ ڕێکخراوە حکومیەکان.

ڕاپۆرتی دارایی کۆمیتەکان لە کۆبونەوەی ئاسایی دەستەی کارگێری تاوتوێ دەکرێت.
لێپرسراوی دارایی ساڵانە ڕاپۆرتی دارایی و خەرجیەکان ئامادە دەکات و پێشکەش بە چاودێری دارایی دەکات.